## نورەددین سەعید وەیسی:

# لەبەرئەوە ئەزموونی کوردستان لە تاڵیبان خراپترە ڕێگا دەدا ئیسلامیەکان بە کەیفی خۆیان تەراتێن بکەن و هەڕەشە لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك بکەن



نورەددین سەعید وەیسی

**نورەدین سەعید وەیسی ساڵی 1974 لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایکبووە، دەرچووی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددینە، یەکێکە لە ڕەخنەگرە بوێرەکانی بواری سیاسی کوردستان، بە تایبەتی لە قۆناخی شەڕی ساردی نێوان پارتی و یەکێتی، (5) ساڵێکە دانیشتووی کەنەدایە، چەند ڕۆژێکە بە سەردان گەڕاوەتەوە کوردستان..**

**زاری کرمانجی لە دیمانەیەکدا کۆمەڵێك پرسیاری ڕووبەڕوو کردەوە..**

***بڕیاری ڕۆیشتنت چۆن بوو، ئایا ناچار کرای وڵات جێبهێڵی، یان لە بێزاری هەلومەرجی ئەوسا بڕیاری ڕۆیشتنتدا؟**

– ڕۆیشتنی من کۆمەڵێك هۆکاری

## "بەر لە ڕۆیشتنم نەتدەتوانی بە ئازادی لە هەولێر سەردانی سلێمانی بکەی، یان لە سلێمانی سەردانی هەولێر بکەی، دەبوو چەندان مۆڵەت وەربگری"

لەپشتەوە بوو هەم ڕووبەڕووی هەندێك ئاستەنگ بوومەوە وخۆشم تووڕەبووم لەوبارودۆخەی ئەوکات وهەمیش حەزێکی پێشوەختەی خۆم بوو، لەبەرئەوە ڕۆیشتم.

***هەست دەکرا ئەو بڕیارەی تۆ زیاتر لەوە سەرچاوەی گرتبێت، کاتێك تووشی سەریەشە هاتی لەگەڵ ئاسایش، بە تایبەتی دوای نووسینێك لەسەر مامەڵەی ئاسایش لەگەڵ ئەو لاوانەی سنووورداش دەکرانەوە؟**

– ڕاستە ئەو کات من لەسەر ئەو شێوە مامەڵەیەی ئاسایشم نووسی، بەڕاستی ئەوە جێگای نیگەرانی بوو، کە بەو شێوازی ئەو کات مامەڵە لەگەڵ گەنجێك دەکرا، کە هەوڵی ڕۆیشتنی دەدا، بەڵام بڕیاری ڕۆیشتنی من تەنها لەوەوە نەهاتبوو.

***هەست دەکرێت گۆڕانێکی زۆر لە نووسینەکانی جارانت و شێوازی قسەکردنی ئێستات هەیە، خەڵکێك پێی وایە بەڵێنی پۆستت پێدراوە لەبەر ئەوە گەڕایتەوە؟**

– نەخێر، بەڵام بارودۆخەکە چۆنە، دەبێت بەو جۆرە گوزارشتی لێبکرێت، جاران بارودۆخەکە خراپ بوو، هی ئەوە بوو زۆر ڕەخنەی لێبگیرێت، ئەگینا شێوەی تێڕوانینی من پەیوەندی بەو شتانەوە نییە، کە باسیان لێوە دەکرێت، من لەسەر داوای کەس نەگەڕاومەتەوە کوردستان، بەڵکو وڵاتی خۆمە، حەزم کرد بگەڕێمەوە، ئەگینا نە بەڵێنی هیچ پلە و پایەیەکم پێدراوە، نە بڕیاری ئەوەشم داوە چی بکەم و چی نەکەم.

***وەك لە دوورەوە ئاگاداربووین، لە ڕێگای ماڵی کورد لە تۆرینتۆ، سەروکارت لەگەڵ کاری ڕۆشنبیری هەبوو، ناوە ناوە چالاکیتان هەبوو، ئایا ڕێکخراو و سەنتەری دیکەی لەو بابەتە هەن؟**

– لەوێ جگە لە ماڵی کورد، هەندێك ڕێکخراو و سەنتەری دیکە هەن، بەڵام ئەوان بنکەیان نییە، ماڵی کورد بنکەی هەیە و بەفەرمی لەلایەن حکومەتی کەنەدا ناسراوەو دانی پێدانراوەو پەیوەندییەکی باشیشمان لەگەڵ بەرپرسانی کەنەدی هەیە.

***زۆرجار باس لە لۆبی کوردی**

## "کوردی دەرەوە بەهۆی ئەوەی خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ نیە تووشی گرێیەکی دەروونی زۆر دژوار بووە"

**دەکرێت لەدەرەوە، بە بڕوای تۆ لە کەنەدا ژمارەی کورد هێندەیە و چالاکە لۆبی هەبێت؟**

– دەربارەی ئەو کوردانەی کە لە دەرەوە دەژین و چالاکی ئەوان، من بە تەنها دەتوانم لەسەر باکوری ئەمریکا قسە بکەم، چونکە لە ئەوروپا نە ژیاوم، کۆچی کورد بۆ ئەوێ مێژوویەکی زۆر درێژی نییە، بەڵکو دەکرێت کۆچبەری کورد لەوێ بۆ سێ قۆناخ دابەش بکرێت، بەشێکی ئەو کوردانەی لەوێن دوای شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی1975 ڕوویان کردۆتە ئەوێ، بە شێکی دیکەیان پێش ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و دوای ئەو ڕاپەڕینە ڕوویان کردۆتە ئەوێ، بەشێکی دیکەشیان دوای ساڵی 1996 ڕوویان کردۆتە ئەوێ، هەر چەند بە ئاراستەیەکی گشتی دەتوانم ڕێژەی کار و چالاکیەکانیان باس بکەم، بەڵام بە بڕوای من کوردانی دەرەوە چالاك نین و نەیانتوانیووە بەو ئاراستەیەدا بڕۆن و ئەکتیڤ بن، کە بارودۆخەکە دەخوازێ، من پێم وایە شتێك نییە لە دەرەوە بە ناوی لۆبی کوردی، ئێستا ئەو وڵاتانەی دژی کوردن بۆ نموونە تورکیا لە ئەمریکا لۆبی بە هێزی هەیە، ئەوان ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەیان هەیە و دەتوانن کاریگەری خۆیان لە بەرامبەر هەندێ پرسدا بنوێنن، لە کاتێکدا

## "من پێم وایە شتێك نییە لە دەرەوە بە ناوی لۆبی کوردی"

کورد لە دەرەوە ڕاگەیاندنی نییە، من ئەم لاوازی و نائەکتیڤیە بۆ کەمتەرخەمی دەسەڵاتی کوردی دەگەڕێنمەوە، چونکە دروستبوونی لۆبی پێویستی بە پشتگیری ماددی و مەعنەوی هەیە، کوردانی دەرەوە ئەو پشتگیریەیان نییە، تا بتوانن کاریگەری خۆیان بنوێنن و ئەکتیڤ بن، دەسەڵاتی کوردی دەتوانێ هاوکاری کوردانی دەرەوە بکات و لۆبیەکی بە هێز دروست بکات، کە کاریگەری دروست بکات، لەو وڵاتانەی کە بڕیار بە دەستن.

*** بڕوات وایە لە کوردستان گۆڕانکاری ڕوویداوە، یان بە دیوێکی دیکەدا، بڕوات وایە ئەو گۆڕانکاریانەی لە کوردستان ڕوویانداوە گۆڕانکاری جەوهەرین، نەك ڕواڵەتی؟**

– بەڵێ لە دوای ئەو چەند ساڵەی من لە دەرەوەبووم و لە چاو ساڵانی پێشتر گۆڕانکاری ڕوویانداوە و ڕەنگە هەندێ لەگۆڕانکارییەکانیش بارودۆخە تازەکە سەپاندبنی، بۆ نموونە ڕۆژنامەگەری کوردی هەنگاوی باشی هەڵهێناوە، ئێستا لەجاران زیاتر ئازادی ڕادەربڕین هەیە، هەندێك شت دەنووسرێ، باس لە دەسەڵات دەکات، ڕەخنە لە هەندێك بەرپرس دەگیرێ، پێشتر کەم کەس دەیتوانی ئەو ڕەخنانە بگرێت، بۆ نموونە نەبەز گۆران وتارێکی لەسەر کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکی حکومەت لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی نووسیبوو، ئەو نووسینە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا ڕێگەی پێ نەدەدرا بڵاو ببێتەوە، ئەوە مانای

## "بە بڕوای من ئیسلام یەك شتە، سیاسی و ناسیاسی نییە"

ئەوە نییە ئازادی ڕەهای ڕۆژنامەگەری هەیە، بەڵام لە چاو چەند ساڵ بەر لە ئێستا هەنگاوی باش نراوە، لە هەندێ ڕۆژنامە ڕەخنەی توند لە حکومەت دەگیرێت، ئەوە مانای وایە گۆڕانێك بووە، بەر لەوەی بڕۆم، بابەتێکم نووسیبوو بەناونیشانی (کارمەندانی ئاسایش ماندوونەبن)، ئەو بابەتە کە دەرفەت نەبوو بڵاوی بکەمەوە و بەسەردا ڕۆیشتم، لەو ڕۆژانە لە ئەرشیفی خۆم سەیرم کرد، ئێستا ئەو جۆرە بابەتانە لە ڕۆژنامەکانی دەسەڵاتیش بڵاو دەکرێنەوە، ئەوە مانای ئەوەیە گۆڕانکاری ڕوویداوە، ئەو کات تۆ نەتدەتوانی بە ئازادی لە هەولێر سەردانی سلێمانی بکەی، یان لە سلێمانی سەردانی هەولێر بکەی، دەبوو چەندان مۆڵەت وەربگری، ئەمڕۆ زۆر لەو گرفتانە کۆتاییان پێهاتووە، ئەوانە گۆڕانی باشن، بەڵام ڕاستە هێشتا لە بواری کۆمەڵایەتی دواکەوتنێکی زۆر هەیە.

*** خەڵکێك پێی وایە، گۆڕانەکە یەکجار بەو شێوەیە نییە، کە تۆ باسی لێوە دەکەیت، هەروەها گەندەڵی و نادادپەروەری بە ڕاددەیەکە، خەڵك هەست بە نیگەرانی زۆر دەکات؟**

– من ناڵێم هیچ گرفتێك نەماوە، بەڵکو مەبەستمە بڵێم بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو گۆڕانکاری ڕوویانداوە، زۆر باس لە گەندەڵی دەکرێت، بەڵام گەندەڵی لەخۆیەوە و کتوپڕ پەیدانەبووە و هەر تەنها بەرپرسەکانیش گەندەڵ نین، بە بڕوای من ڕێگادان بە هەڵدانی ئاڵای عێراق لە کوردستان گەورەترین گەندەڵییە.

## "تەنها بەرپرسەکان گەندەڵ نین، بە بڕوای من ڕێگادان بە هەڵدانی ئاڵای عێراق لە کوردستان گەورەترین گەندەڵییە"

*** تۆ کە (دەڵێیت لەدەرەوە گرنگ ئەوەیە خاوەن دەوڵەت بیت، ئنجا ئەو دەوڵەتە دیموکراتی بێت، یان دیکتاتۆری زۆر گرنگ نییە)، هەستناکەی هەڵەیەك لەو بۆچوونەت هەیە؟**

– نا من مەبەستم ئەوەیە بێ دەوڵەتی، بێ ناسنامەییە و کوردی دەرەوە بەهۆی ئەوەی خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ نیە تووشی گرێیەکی دەروونی زۆر دژوار بووە و هەمیشە لەخۆی دەپرسێت بۆچی لەوهەموو نەتەوانەی دنیا هەر کورد بێ دەوڵەتە، بۆیە زۆرجار دەڵێی با منیش دەوڵەتێکم هەبێت ئیدی هەرچییەك بێت، بەڕاستی دەردی بێ دەوڵەتی دەردێکی زۆر گرانە.

***ئیسلامی سیاسی خەریکە ئەمڕۆ دەبێتە هەڕەشە، بەسەر ئەزموونی کوردستان و بەردەوام ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن و بە ئەزموونێکی خراپتر لە تاڵیبان وەسف دەکرێت، لە کاتێکدا ئەوان خۆشیان بە شێکن لە دەسەڵات؟**

- بە بڕوای من ئیسلام یەك شتە، سیاسی و ناسیاسی نییە، بەڵام هێزە ئیسلامیەکان دەیانەوێ ئایین بکەنە بەردەبازێك بۆ بەجێهێنانی سیاسەتەکانیان ودەستدرێژیکردنە سەر ماف وئازادییەکانی خەڵکی، هێزە ئیسلامییەکان تەنێکی نامۆن بەکۆمەڵگەی کوردەواری، منیش پێموایە ئەو دەسەڵاتەی کوردستان لە تاڵیبان خراپترە، چونکە ڕێگا بە ئیسلامیەکان دەدات بە کەیفی خۆیان تەراتێن بکەن، دەبووایە بە پێی یاسا ڕێگا لە دروستبوون و کارکردنی حزبە ئیسلامیەکان گیرابا، چونکە ئەوانە هەڕەشەن لەسەر ژیان و ئازادییەکانی خەڵك.

## "ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو کارەی من دەیکەم، کارێکم بە دڵ بێت دەیکەم، بەڵام هێشتا بڕیارم نەداوە لێرە بمێنمەوە، یان بگەڕێمەوە دەرەوە"

*** بڕیارە لێرە بمێنیتەوە، یان بە نیازی بگەڕێیتەوە؟**

– من پێشتریش وابووم و ئێستاش هەر وام، هەرگیز بڕیار نادەم لە شوێنێك بمێنمەوە، زۆر لە مێژ نییە کوردستانم جێهێشتووە، ئێستاش ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو کارەی من دەیکەم، کارێکم بە دڵ بێت دەیکەم، بەڵام وەك بڕیار نا، هێشتا بڕیارم نەداوە لێرە بمێنمەوە، یان بگەڕێمەوە دەرەوە.

*** وەك چۆن خەڵکی کوردستان لە شەڕی ناوخۆ نیگەران بوون، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە لەو ڕێکەوتنە نیگەرانن، کە لەنێوان پارتی و یەکێتی مۆرکراوە و بڕوایان وایە ئەم ڕێکەوتنە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری دەبێت لە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و ئازادییەکان؟**

– شەڕی ناوخۆ کاریگەری زۆری هەبوو بەسەر ژیان و پێشکەوتنی خەڵك، هەروەك ئەو شەڕە زیانێکی زۆری لەکورد و

## "ئەگەر ئەو ڕێککەوتنەی ئێستای پارتی و یەکێتی بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادی خەڵك بێت، زیان لە گەشەکردنی دیموکراتیەت دەدات"

کێشەکەیدا، ئەمڕۆش ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادی خەڵك بێت زیان لە گەشەکردنی دیموکراتیەت دەدات، بەڵام ئەگەر بۆ لەیەکتر نزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتی و ئاشتی و تەبایی نێوان ئەو دوو هێزە بێت شتێکی باشەو هۆکارێکی گرنگی سەقامگیربوونی ئاشتی و ئاسایشە لەکوردستاندا.

دیمانە: زاری کرمانجی